# بەهیممەت ترین مرۆڤەکانی جیهان لە ساڵی ٢٠٠٦دا

دامەزراوەی خێرخوازی (بازپس گیری) وەرگرتنەوە ڕۆژی پێنج شەممە ١٣٨٥/٣/٢٤ ناوی بەهیممەت ترین مرۆڤەکان لە ساڵی ٢٠٠٦ی بڵاوکردەوە، تا بەوکارە سیماناسراوەکان بۆ یارمەتی کەمداهاتان هان بدات. بەپێی ئەولیستە، ئوپراونیفری، بەڕێوەبەری خۆشەویستی تەلەفیزیونی ئەمریکا، باربارا ئێرانید، گۆرانی بێژی ناسراو تایگرودز، قارەمانی وەرزشی گولف، بەدڵاواترین مرۆڤ دۆستانی نادیار ساڵی ٢٠٠٦ ناسێندران. خانم ئوپرا ٥٣ ساڵە کە یەکێك لە بەرنامە بەناوبانگەکانی تەلەفیزیۆنی ئەمریکا بەڕێوە دەبات، بەڕێوەبەری کلوبی (کتێبێك) بەناوی خۆیەوەیە خەڵات دەبەخشێ بە نوسەرانی کتێبە نەناسراوەکان لە ئەمریکادا. ئوپرا لە ساڵی ٢٠٠٦ نزیك بە ٨٥ ملیۆن و ٣٠٠ هەزار دۆلاری لە ڕێگەی یارمەتیە مرۆییەکان بەخشی کەبەشێکی گەورەی ئەوبڕە پوڵە خەرجی دروستکردنی مەدرەسە لە ئەفریقای باشورکرا. نلسۆن ماندیلا سەرۆکی پێشوی ئەفریقای باشوریش لەبەر ئەو یارمەتیە مرۆڤ دۆستانەیە سوپاسی لە خانم ونیفری کرد.

ئەوبڕە پوڵە ١/٤ی داهاتی ساڵیانەی ئوپرا ونیفرە، گۆڤاری ئابوری فوربز لەساڵی ٢٠٠٦ ئەوەی بە ٢٢٥ ملیۆنی ڕاگەیاندبوو. باربارائێتر گۆرانیبێژ و ئەکتەری سینەماو براوەی خەڵاتی ئەکتەریی یەك لەوان ئوسکاری باشترین ئەکتەری ژن لە ساڵی ١٩٦٩ و هەروەها براوەی چەندین خەڵاتی ((گرمی)) لە زەمینەی موسیقیدا، بە ١١میلیۆن و ٧٥٠ هەزار دۆلار کۆمەگ بەسازمانەکانی پارێزەری ژینگەو ئازادیە مەدەنیەکان، چوارەمین کەسی ئەو لیستەیە، لە دوای بەخشینی وەسیەت نامەی جفری بین، گەڵاڵە داڕێژی مۆدی جل و بەرگە. تایگر وودز ٥میلیۆن و ٩٠٠ هەزار دۆلار لە ساڵی ٢٠٠٥ تا ٢٠٠٦ بەپێی لیستی ئەو گۆڤارە بە ٧٧میلیۆن دۆلار داهات لە ساڵدا بەپڕ داهاتترین وەرزشکاری جیهان ناسیندرا. روزی ئودابل و مارتا ئێتواران دوو بەڕێوەبەری دیکەی تەلەفیزیۆن، بەبەخشینی ٥ میلیۆن و ٧٠٠ هەزار دۆلار و ٥ میلیۆن دۆلار، لە ڕیزی شەشەم و حەوتەم دا دانران لەوڕیزەدا ئانجیلینا جولی و بروپیت، خێزانی هالیودبەبەخشینی دوو میلیۆن و ٤٠٠ هەزار دۆلار بەسازمانە مرۆڤ دۆستەکانی نامیبیاو ئەنجومەنەکانی مرۆڤ دۆستی دیکە، وەکو دوکتورانی بێ سنور کەسانی یازدەهەمن. کچی ناوبراو ساڵی ڕابردوو لە نامیبیا لەدایك بوو. نیکلانس کیج، براوەی خەڵاتی ئۆسکار باشترین ئەکتەری پیاو لە ساڵی ١٩٩٥ بەکۆمەگ کردن بەسازمانی لێبوردنی نێودەوڵەتی، دوین جانسۆن، هونەر پیشەو قارەمانی پێشوی (کوشتی کەچ) بەیارمەتی دانی بەزانستگاییك، و پۆل مەك کارتنی، گۆرانیبێژو ئەندامی پێشوی تیپی بتیلز، بەیارمەتی دانی بۆ لەناو بردنی مینەکانی دژە نەفەر، هەرکامیان بەبڕی ٢ میلیۆن دۆلار لە ڕیزی دوازدەهەم دان. لەو لیستەدا ناوی کەسانێکی دیکەی وەکو ئاندرە ئاغاسی تنیس بازی پێشوو، وە کلوریا ئێستفان، گۆرانیبێژو هەروەها هونەرمەندانی براوەی ئۆسکار، ئەلیزابت تیلورودنزن هاتوە. ئەو دامەزراوە لیستەکە لەسەر بنەمای بابەتەکانی چاپەمەنی پێوەند بە خێرو خێرات ڕیز کردوە.

# هەژدەهەمین ساڵرۆژی مەرگی خومەینی

خالید




ڕەنگە لە مێژووی ئێراندا هیچ کات کەسێك نەی توانیبێ بە ڕادەی خومەینی زیان بە خەڵکی ئێران بگەیێنێ و دوو روخساری تەواو جیاواز لە خۆ نیشان بدا، روخسارێکی خراپ لە کە بنەرەت دا نیشان دەری ناوەرۆك و هەستی ئەو بوو، بریتی بوو لە کینە و دڵ ڕەقی و ئینسان کوژی. روخسارێکی دیکەی بە زاهیرێکی مەعسوم و پاك وەك کەسایەتییێکی ئایینی، کە وای نیشان دەدا تەنیا مەبەستی ئازادی و خۆش گوزەرانی بۆ خەڵکی ئێرانە.

جێگەی داخ ئەوەیە کە ئێستاش هێندێك کەس هەن کە نان لەوە دەخۆن کە بە خومەینی دا هەڵ بڵێن و هەروەها لە ناوەندە جیهانیەکانیش دا و لە چوارچێوەی کاری دیپلوماسی، دەسەڵات و دەوڵەتەکان وەك عادەت دەبێ بچنە سەر گۆڕی خومەینی و چەپکە گوڵی لە سەر دانێن، جێگەی پرسیارە ئایا دەبێ ئەو کەسانەی نان لە تەعریف و پێدا هەڵ گوتن بە خومەینی دا دەخۆن ڕۆژێك بیر نەکەنەوە و نەزانن کە بەو کارەیان چەندەیان زیان بە خەڵکی ئێران گەیاندوە؟

ئاخر کێ دەتوانێ بە رادەی خومەینی و ئەو دەسەڵاتداریە ملهورانەی دامەزراندوە ستەمگەر و مرۆڤ کوژ و حەق نەبیست بێ؟ کێ دەتوانێ بە رادەی خومەینی خوینی لاوەکانی ئێران برێژێ و ئازادی و مافی هەموو هاونیشتمانییێك پێ شێل بکا؟

تەعریف لە خومەینی کە پێی دەڵێن ڕێبەری فەرزانە، ڕێبەری ئینقلاب، ئەو تەعریفانە هەر لە چوارچێوەی شیعاردایە و هیچ بەڵگەییێك نیە لە سەر ئەوە کە بەراستی خومەینی کەسێکی باش بووە. ئەوانەی بە خومەینی دا هەڵ دەڵێن با بەڵگەییێك لە سەر مرۆڤ دۆستی، لێبوردەیی، حەوانەوە، تەنانەت با بەڵگە لە سەر حەوانەوە لەگەڵ دەورووبەری دا بهێننەوە. خۆ خومەینی لەگەڵ ئەوانەی هاوکاریشی بوون و لە بە دەسەڵات گەیشتندا یارمەتیان دا چاك نەبووە. قوتب زادەی ئیعدام کرد، بنی سەدر بە کلکە لەقە لە مەرگ رزگاری بوو، مونتەزری خانە نشین کرد و لە جێگری خۆی هێنایە خوار و کردیە کەسێکی ئاسایی. هاوبیرەکانی خومەینی لە دوای مەرگی ئەو سیاسەتەیان گیڕا کە ڕێبەرەکەیان دەیگێڕا، کە ئەویش بریتی بوو لە سیاسەتی کوشتن و برین و ئیعدام و زیندان و جەنگ و ماڵ وێرانی و گرانی و هەژاری. بەڵێ خومەینی بێجگە لەوەی نەنگی مێژووبێ، چی ی تر بو و بێجگە لەوەی کە توانی نوێنەرایەتی و ڕێبەرایەتی دواکەوتووترین و ستەمگەرترین و دیکتاتۆرترین دەسەڵات لە سەدەی بیست و یەکەمدا بکا چی ی تر بوو.

کەس هەیە ئیعدامی بە کۆمەڵی زیاتر لە سی هەزار زیندانی سیاسی لە ساڵی ١٣٦٧ی کۆچی ی خۆری لە بیر بچێ، کە بە فەرمانی ئەو ڕێبەرە فەرزانە و نمونەیە گوللەباران کران و دوایەش گۆڕەکانیان شوێنە وون کران، کێ هەیە لە بیری نەبێ و نەزانێ کە خەڵکی کوردستانی ئێران لەو کاتەوەی خومەینی دەسەڵاتی بە سەر ئێراندا کێشاوە و پاشماوەکانی ڕێگەی پڕ لە چەوتی و مرۆڤ کوژیەکەی دەپیون چی یان بە سەردا هاتووە.

با کۆبوونەوە و لێکۆڵینەوە لە سەر گۆڕی خومەینی بکرێ، لێکۆڵینەوەییێکی بێ لایەنانە، وە ئەوانەی خومەینی بە نمونە و ڕێبەری ئینقلابی ئێران ناو دەهێنن و باس لە کەرامەت و عەجایباتیەکانی دەکەن، بتوانن بەڵگەییێکی زیندوو و سەلمێندراو لە سەر چاکە و رەفتاری ئیسلامیانە و مرۆڤیانە بهێننەوە. بێ گومان هیچ کات بەڵگەییێك لە سەر کاری باش و هەڵوێستی باشی نابیندرێ و کەسیش ناتوانێ بیهێنێتەوە. بەڵام لە بەرانبەردا ئەوانەی خراپەکان لە سەر خومەینی ریز دەکەن، ئەوندەیان بەڵگەی حاشا هەڵنەگر و راستی وەك کوشتنی لاوان و زیندانی کردنیان و وێران کردنی ئێران، دارمانی ئابووری، گرانی و بێکاری پەرە پێ دانی ترۆریست بۆ سەراسەری جیهان و ناوچەکە وەك لوبنان، فلستین، ئەفغانستان، عێراق و دەیان بەڵگەی دیکە دەهێننەوە.

خومەینی ڕێبەری پۆلێك ئاخوندی مەسڵەحەت پەرەست و رەگەز پەرەست و دواکەوتوە، خومەینی هیچ پێوەندییێکی بە خەڵکی ئێرانەوە نیەو، ئەوانەی بە خومەینی و دەسەڵاتە دڕندانەکەیدا هەڵ دەڵێن، هەر وەك ئەو کەسانەیان لێ دێ کە بە چاوشسکوی رۆمانی و، بە مائۆتسۆنگ،ی چین یان هەڵ دەدا و بە هیتلر و مۆسۆلینی یان هەڵ دەگوت، بێ گومان لە دوای ئازادی خەڵکی ئێران و دامەزرانی دەسەڵاتێکی دیموکراتیك، ئەوانە رووڕەشیان بۆ دەمێنێتەوە کە شانسی خۆیان لەگەڵ خومەینی و رژیمەکەی تاقی کردەوە و لە جینایەت و مرۆڤ کوژیەکانیدا شەریك بوون.

بەڵێ بیرەوەری مەرگی خومەینی رۆژێك نیە بۆ ماتەم گێڕی و غەم، بەڵکوو ڕۆژێکە بۆ شادی گێڕان و شایی کردن و هومێدەکان بۆ وەدی هاتنی ئازادی بە رووخانی رژیمی خومەینی قایم تر و زیاتر دەبن.

# سەرەپەتی پیلانی تەقاندنەوەوەی فرۆکەخانەی نیویورك لە دەست ئاخوندان



بەدوای گرتنی سی تاوانباری گەڵاڵەی تەقاندنەوەی فڕۆکەخانەی (جان اف کەنەدی) لە ترینیداد وئەمریکا، چوارەمین تاوانباریش لە ترینیداد خۆی تەسلیم کرد. ناو براو عبدالنوری ناوە خەڵکی وڵاتی بچوکی (گویان) لە ئەمریکای ناوەندیە. تاونباری ژمارەیەك عبدالقدیر خەڵکی وڵاتی گویان ونوێنەری پێشوی پارلمانی ئەو وڵاتەش لە وڵاتی ترینیدا دون باگو، دراوسێی گویان گیرا: ناوبراو لە ڕێگەی وینزوئیلا بوو، تا لەوێ ویزای ئێران وەربگرێ و بۆ بەشداری کردن لە کۆنفرانسێك بچێتە ئێران. یەکێك لەو بەڵگانەی کە پۆلیسی تەنگە تاو کردبوو ئەو بابەتەبوو کە عبدالقدیر لە ڕێگەی ئێران دابوو، وە لێپرسراوان گومانیان لەوە هەبوو کە نەتوانن دەستیان پێ بگات و ناوبراو بگرن. یەکێك لە کچەکانی عبدالقدیر گوتی: باوکی لە ساڵی ١٩٧٢ باوەڕی بە ئیسلام هێناوە و لە ئێران ئاموزشی بینیوە. ڕۆژنامەی تیلگراف چاپی ئینگلستانیش نووسی: لێپرسراوانی ئێف، بی، ئایی.. دەنگی یەکێك لە کەسەکانی ئەو تاقمە ترۆریستیەیان زەفت کردوە کە گوتویەتی: عبدالقدیر لەگەڵ تروریستەکان لە ڕۆژهەڵات و ئەمریکای باشور لە پێوەندی دابوە. حەوتونامەی نیوزدیك لە زمان لێپرسراوانی پۆلیسی ئەمریکا راپۆرتی دا کە نیشانە گەلێك لەبەر دەستدایە کە عبدالقدیر و کەریم ئیبراهیم، یەکێکی دیکە لە تاوانبارانی ئەو پیلانە، بۆ چاو پێکەوتن لەگەڵ یاسین ئەبوو بەکر، ڕێبەری تاقمێکی توندڕۆ بەناوی جماعت مسلمین چوبوە ترینیداد. لێپرسراوێکی دژە ترۆری ئەمریکا ووتی: زانیاری ناوەندەکانی ئەمریکا دەری دەخەن کە جەماعەتی مسلمین لەگەڵ تاقمە تروریستیە نێودەڵەتیەکانی وەکو القاعیدە و حزب اللە ی دەستکردی رژیمی ئێران لە لوبنان پێوەندی هەیە. نیوزدیك زیادی کرد چەند ڕۆژ بەر لە وەی هێزەکانی ئێف، بی، ئایی، و لێپرسراوانی ترینداد پیلانی تروریستیان لە دژی فڕۆکەخانەی جان ئێف کەنەدی هەڵبوەشێننەوە لە سکاڵانامەی دەوڵەتی ئەمریکادا هاتبوکە کەریم ئیبراهیم پێشنیاری کردوە کە تروریستان لە هەوڵدان بۆ ئەوەی کە گەڵاڵەکەیان لەلایەن جەماعەتی مسلمین و پشتیوانی لێ دەکرا دەست هەڵبگرن . لە بەرانبەردا ناوبراو هەوڵ دەدا پشتیوانی کەسانێك لەو پەڕی ئوقیانوسەوە لەو گەڵاڵە بەدەست بهێنێ. لێپرساوێکی ئەمریکایی گوتی: کە کەریم ئیبراهیم لە پەیوەندی گەلێك لە ئێران و ئینگلستان قسەی کردوە. مایك ئونز، نوسەری کتێب کە لەم مانگەدا کتێبەکەی وەکو پڕفرۆشترین کتێب لە نیویۆرك تایمز ناوی هات، لە سەرنەخشی رژیم لەپیلانی تروریستی تەقاندنەوەی فڕۆکەخانەی جان ئێف کەنەدی نیویۆرك پێداگری کرد. ئونز کە لەگەڵ تەلەفزیۆنی فاکس نیوز وتووێژی دەکرد لەگەڵ ئاماژە بەڕژیمی ئێران گوتی: ئەوەی کە لە فڕۆکەخانەی جان ئێف کەنەدی ڕوی دا، هیچ کاتێك وەکو پێویست باس نەکرا. ئەو جەنگە جەنگێکە بە نوێنەرایەتی لایەنێك کرا. ئەنجامدەرانی ئەو ڕووداوە پشتیوان و پەیمان کارانێکن کە بۆلایەنی دیکە کاردەکەن کە ئەوە مەترسیە بۆ سەر ئەمریکا. ئەوانە لە حیزب للە و هەرکەسێك کەڵك وەردەگرن کەبتوانێ پوڵیان بداتێ و بێنە ئەمریکا. رۆژنامەی نیۆیۆرك سان لە زمان لێپرساوێکی پۆلیسی ئەمریکا ئاشکرای کرد کە لەپێوەندی ڕژیمی ئێران لەگەڵ پیلانی تروریستی فرۆکەخانەی جان ئێف کەنەدی نیۆیۆرك، سەرەپەتێکە کە نە لێکۆڵینەوەی لە سەر ئەکرێ و، پێوشوێنی دەگیرێ، نیۆیۆرك سان نووسی: لە حالێکدا کە پۆلیسی نیۆیۆرك و "ئێف بی ئای" سەرقاڵی لێکۆلینەوە لە گەڵاڵەی هێرش بۆ فڕگەخانەی نیۆیۆرکن، یەکێك لە سەرپەتەکان کە لەو لێکۆڵینەوەدا پێو شوێن دەگیردرێ، ئەوەیە کە بۆچی یەکێك لە گومان لێ کراوەکان نیازی سەفەری بۆ ئێران هەبوە. هاوسەری عبدالقدیر لە وتووێژ لەگەڵ بڵاوکراوەی گۆیان گوتی: "ئێف بی ئای" ئەگەری ئەوەی هەیە لەبەر پێوەندی هاوسەرەکەی لەگەڵ ئێران خوازیاری گەڕانەوەی ناوبراوە. کێنت پیرنیگ لێپرساوی پێشوی دژە تروریستی ئێف بی ئای کە تایبەتە بە هەوڵ و کارەکانی ڕژیمی ئێران و حزب للە، گوتی: لێپرسراوانی رژیمی ئێران مشتێك حەرام زادەن و ئەوانە هەرکەس زیان بە ئێمە بگەێنێ، پشتیوانی لێدەکەن.